خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری
سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان

هەرێمی کوردستان

ژمارە (٤٧٨) ٩ی ئەیلول - ٢٠٠٨ هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات

د. بەرهەم سالح بۆ «هەرێمی کوردستان»:

دەبێ بە رێگەی دەستوور چارەسەری گرفتەکان بکرێ

هەرێمی کوردستان:

سەرکردایەتی سیاسی لە نزیکەوە سەرقاڵی ئەو گرفتە هەڵپەسێردراوانەیە کە ئەمڕۆ رووبەڕووی عێراق و کوردستان بۆتەوە، لە هەموو ئەو خاڵانە گرنگتر مەسەلەی ١٤٠و کێشەی خانەقینە کە بوو بە مایەی نیگەرانی لە شەقامی کوردی.

د. بەرهەم سالح جێگری وەزیرانی عێراق لەمەڕ ئەو گرفتانەوە، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەمڕۆ، عێراق بەشێوەیەکی گشتی لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا دەژی، کە وا پێویست دەکات کە بە گەرمی و جیدی، گفتوگۆ لەمەڕ پرسە جیدییەکانی گۆڕەپانی سیاسی بکرێت، لەمەشدا دەبێ زمانی هەڕەشە دوورخەینەوەو بگەڕێینەوە بۆ دیالۆگ، کە لە رەگەوە گرفتەکان چارەسەر دەکات، جگە لە زمانی دیالۆگ ناتوانین زاڵ بین بەسەر گرفتە هەنووکەییەکان کە رێگەیان لە هەنگاونانی عێراق گرتووەو بوونەتە کۆسپ لەبەردەم گۆڕانی سیاسی و هەنگاونانە گرنگەکان، کە بێگومان بوونی ئەم دیالۆگە سیاسییە فەراهەمکردنی زەمینەیە بۆ سەقامگیریی لە عێراق و بەلاوەنانی ئەو ناکۆکیانەی کە خزمەتی قۆناغەکە ناکات.

بەڕێز د. بەرهەم لە بەرسڤی بۆ-هەرێمی کوردستان- روونیکردەوە، کە گرفتی ١٤٠، گەورەترین کێشەیە، کە رووبەڕووی حکومەتی عێراق دەبێتەوە، دیارە هەڵوێستی سەرکردایەتی و پەرلەمانی کوردستانیش روون و ئاشکرایە لە بەجێهێنانی ئەو مادەیە کە ئەویش پابەندبوونە بە دەستوور، بێگومان دەستوور زۆر بە روونی ئەم گرفتەی چارەسەر کردووەو پێناچێت هیچ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە هەبێت کە چارەسەر بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە.

بەڕێزی روونیکردەوە، کە ناکرێ کە ئەو هەقیقەتە لە بیر بکرێ، کە کوردو خواستەکانی کورد، بەشێکی زیندووە لە چارەنووسی عێراق و نابێ رێگە بە کەس بدرێ کە ناکۆکییەکان بقۆزێتەوەو پاراستنی یەکێتی نیشتمانی گەورەترین ئامانجە، من وای دەبینم کە ١٤٠و خانەقین و هەموو گرفتەکانی دیکە لە رۆژانی داهاتوو، گفتوگۆی چڕتر بەخۆیەوە دەبینێ لە نێوان عێراق و کوردستان و شەقامی کوردی چاوەڕوانی ئەو دیالۆگانەیە کە هیوامان وایە کۆتایی بەو گرفتانە بێنێ.

أسماء الألوان / فهرست / الصفحة: ١ / ٩/٩/٠٨ / 1:58 AM